# تیئۆری ئۆرگانیزاسیۆن و حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

**بەشی 2**

## تیئۆری

### ئۆرگان Organ

ئۆرگان  وشەیەکی یۆنانی کۆنە. لە زانستی بیۆلۆژیدا بە مانای بەشێک لە لەش هاتووە. هەر ئۆرگانێکی لەش کاری تایبەت بە خۆی دەکات و لە پەیوەندی لە گەڵ ئۆرگانەکانی دیکەشدا ئەرکی هەیە. کۆی ئۆرگانەکانی لەش گرێدراو لە گەڵ یەک سەرجەم  سیستمی"ئۆرگانیسم"ی زیندووی هەر زیندەوەرێک  پێک دەهێنن.  ئەوەی سیستمی ئۆرگانیکی زیندەوران لەوانە ئینسان چۆن کار دەکات باسی دەرەوەی ئەم بابەتەیە، بەڵام بێ گومان ناسینی ئەو سیستمە و ئەو ئۆرگانیسمە و  هەر وەها ئۆرگانیسمی سروشتی لە زۆر بواری دیکەدا، رەنگە بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لەو سیستم و ئۆرگانیسمانەی کە مرۆڤ پێکیان دەهێنێ سوودمەند بێ.

لە زمانی رۆژانەی ئاڵمانیدا "ئۆرگان" بە مانای "دەنگی ئینسان" بەکار دەهێندرێ، بۆ وێنە دەگوترێ ئەوە دەنگێکی بەرزی هەیە. "ئۆرگان" لە کاری رۆژنامەوانی و لە بواری یاسا و بواری کۆمەڵایەتی دا مانای تایبەت دەدەن کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە.

لە زمانی کوردیدا بە ئۆرگان دەگوترێ "ئەندام" کە هەم بە مانای "ئەندامی لەش" بەکار دەبرێ و  هەم بە مانای "ئەندام" بوون لە کۆمەڵگا یان لە حزب و رێکخراو و  هەر شوێنێکی تر، کە لەهەموو بوارەکاندا بەکارهێنانێکی دروستە و رێک لە گەڵ مانای ئەو وشەیە لە زمانەکانی هیندو ئوروپایی و هێندو ئاڵمانی  یەک دەگرێتەوە، کە زمانی کوردیش سەر بەو بنەماڵە زمانانەیە.

### ئۆرگانیزاسیۆن  Organisation

ئۆرگانیزاسیۆن، لە زۆرترین حاڵەتدا بە مانای پلان دانان و بەڕێوەبردنی پلان هاتووە، کە ئەویش جێ بە جێ کردنی مەبەست یان ئامانج دەگەیێنێ.
وشەی ئورگانیزاسیۆن جگە لە بەکارهێنانی گشتی بۆ کاری رێکخستن لە زانستی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئیدارەکردنی ئیقتیسادی و ئینفۆرماتیکدا  کەڵکی لێوەردەگیرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لێکدانەوە و بۆچوون و روانگەکان چۆن بێت, مانای جیاواز لە ئۆرگانیزاسیۆن وەردەگیرێ.

### تیئۆری ئۆرگانیزاسیۆن

تیئۆری ئۆرگانیزاسیۆن  باس لە لایەنەکانی رێکخستن، جێ بە جێ کردن، دامەزراندن و تێدەگەیشتن لە ئۆرگانیزاسیۆن دەکات. کۆمەڵە تئۆرییەکی زۆر و جیاواز لە یەک، دەربارەی رێکخستن هەیە. سیستمی ئۆرگانیزەکردن لە هێندێک بواردا گەڵێک دژوارو تێکچڕژاو و  هەمەلایەنە. بوارەکانی رێکخستنیش بەرین و بەربڵاون و بە هەمان نیسبەت تئۆرییەکانی ئۆرگانیزاسیۆن هەمەلایەن و بەربڵاو و جیاوازن.
بەڵام هەموو تئۆرییەکان لەوێدا یەک دەگرنەوە کە دەڵێن <u>رێکخستن بۆ جێ بە جێ کردنی ئامانج و مەبەست بەکار دەهێنندرێ</u>. ئەو وتەیش لە بیرناکەین کە" ئۆرگانیزاسیۆن، رێکخراو و حزب و کەرسە و وەسیلەن بۆ گەیشتن بە ئامانج"، هەر بۆیە بۆ گەیشتن بە ئامانج دەکرێ رێکخستنی جیاواز بە کاربهێندرێ.

گرنگترین تیئۆرییەکانی ئۆرگانیزاسیۆن بریتین لە:
**تیئۆری تایلۆر**
**تیئۆری تایلۆر** باس لە ئۆرگانیزکردنی بەشی ئابوری و تیجاری دەکات و لە سەر چوار پرنسیب ساخ دەبێتەوە.
1-  پلان دارشتن ، کۆنترۆلی بەرهەم  و بەڕێوەبردن.
2-  سەرجەم کارەکە لە ژێر سەرپەرستی و بەرپرسایەتی بەرپرسی کارەکەدا ئەنجام دەدرێ.
3-  سەرەکی ترین پرسیب ئەوەیە کە ئیشەکە لە رێگای دابەشکردنی کارەکانەوە بەڕێوە دەبردرێ.
4-  پارە دەوری هاندەر دەگێری، وەرگرتنی مووچە گرێدراوی چۆنیەتی کارەکردنەکەیە.

**ترانس ئاکسیۆن کۆستن تیئۆری** Transaktionskostentheorie

**ترانس ئاکسیۆن کۆستن تیئۆری** تیئۆرییەکی نوێی رێکخستنە، کە باس لە رێکخستنی ئیکۆنۆمی"ئیقتیسادی" دەکات و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە بابەتی گرنگ و سەرەکی ئەم تیئۆرییەیە. ترانس ئاکسیۆن کۆستن تیئۆری، روونی دەکاتەوە کە بۆچی لە رێکخراوەگەلێکی تایبەتدا، یەک فۆرم بۆ رێکخستن بەکار دەهێنن. لەم فۆرمەدا زۆرترین سەرنج دەدرێتە سەر "کار، مامەڵە، خەرج و بازاری ئیقتسادی".

**خۆرێکخستن** Selbstorganisation

خۆرێکخستن باس لە سیستمێک دەکات کە خۆی فۆرمێک لە هەڵدان و پێشخستنە، لەو سیستمەدا کەسی داڕێژەر و فۆرم چێکەر" بەربەستەکان و عونسورەکانی سیستمەکە" دیاری دەکات. ئەم شێوەیە بە چەشنێکی کەمتر زیهنی و ئابستراکت، لە لایەن سیاسییەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

**زیتواتیڤ** Situativ Theori

ئەمە چەشنێک لە تیئۆری پرنسیپەکانی رێکخستنە کە لە دەیەکانی 60 لە ئامریکا و بریتانیا سەری هەڵدا و پەیوەندی راستەوخۆی "ئابوری و کۆمەڵگا" دەگەیێنێ، کە لە ژێر کارتێکردنی پێشکەوتنەکانی تیکنۆلۆژی ئینفۆرماسیۆن و راگەیاندندا، پەروەردەکردنی کارمەندان و کارکەرانی شەریکەکان و ناوەندەکانی بەرهەم هێنان بە پێویستیەکی زۆر گرنگ لە قەڵەم دەدا.
بە گوێرەی ئەو سیستمە زۆر ئاڵوگۆری لە سیستمی کاری ئۆرگانیزاسیۆندا پێک هێندرا، هەروەها لەو سیستمەدا هەموو گۆرانکارییەکانی رێکخراوەیی دەبەستنەوە بە بارودۆخی جیاواز و ستروکتوری رێکخراوە، کە تابعێکە لە رابیتەی رێکخراوەکە لە گەڵ بارودۆخدا.

**تیئۆری بوروکراتیک**

ئەوە تیئۆری ماکس وێبرە و باس لە چۆنیەتی کارکردنی رێکخراوەکانی مەزن دەکات. ئەو بوروکراسی لە رێکخستن و ئۆرگانیزاسیۆن لە کۆمەڵگایەکی سەنعەتیدا هەڵدەسەنگێنێ. ئەم تیئۆرییە بە یەکێک لە تیئۆرییەکانی کلاسیکی رێکخستن و ئۆرگانیزاسیۆن لە قەڵەم دەدرێ. دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین کە لە سەردەمی وێبردا چەشنێکی تر لە بروکراسی حاکم بووە هەتا بوروکراسی سەردەمی ئێستا. وێبر بە تایبەت نەزمی ئیداری کارمەندان، سەری وەخت ئامادەبوونیان و دەرک بە بەرپرسیارەتی کردنی بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەزانی بۆ مانەوەی دەستەڵاتی دەوڵەتی. پاڵپشتی ئەم چەشنە تیئۆرییە "کارمەندەکانی ئیداریی سەردەمی پرویسی ئاڵمان بوو". هەر لەم روانگەوە دەکرێ باس لە کارمەندەکانی وڵاتی ئاڵمان لە سەردەمی ئێستادا بکرێ کە لەو سیستمە کۆنە دوور نەکەوتوونەوە؟ ئەڵبەت ئەمرۆ ئەو سیستمە لە لایەن رەخنەگرانەوە بە سیستمێکی کۆنی کۆنی ئیداریی دەزاندرێ.

**سیستم تیئۆری** Systemtheorie

ئەوە سیستمێکە کە لە پرنسیپگەلێکی هوندوریی"ناوخۆیی" پێک هاتووە، باس لە عونسوری تێکچرژاوی چەتوون دەکات و ئانالیز و لێکدانەوەی ساختار و چۆنیەتی کارکردنی ناو سیستمەکە لێکدەداتەوە و ئیمکانی ئەوە دەرەخسێنێ کە پێشبینی کاری سیستمەکە بکرێ.
لێرەش پرنسیپەکانی ئیقتسادی بە کاردەهێندرێن و کەڵک لە ئامار و فیزیک و ئەلکترۆنیک و پێداگۆگی و شیمی و بیۆلۆگی و جوغرافیا و مەنتق و ماتماتیک و فیزیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و ئێتنۆلۆگی و زانستی ئەدەبیات و فەلسەفە وەردەگیرێ. هەر بۆیە ئەوە سیستمێکی سەربەخۆ و خاوەن دیسیپلینی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو مەیدانێکە بۆ دیسیپلینی هەمە جۆر واتە ئینتردیسیپلین.

پرنسیپ- ئاژانس- تیئۆری,Prinzipal-Agent-Theorie

ئاژانس تئۆری ، تئۆرییەکە کە پەیوەندی بە بواری زانستی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و لە میانەی زانستی ئیقتسادییدا بەشێکە لە دەزگای ئیقتیسادی نوێ. ئەم مودیلە باس لە مامەڵەکردنی مرۆڤ لە گەڵ هەر ئیمپراتورییەکدا دەکات(ئیقتسادی، سیاسی یان میدیا )، جگە لەوە باس لە دارشتنی گشتی مامەڵاتی ئیقتسادی دەکات. ئەم تیئۆرییە ئەمڕۆ لە پاڵ تیئۆری Transaktionskostentheorie لە بەشی ئیقتیسادیدا زۆرترین باسی لێوە دەکرێ.

مۆدێلی سەتڵ Mülleimer-Modell مۆدێلی دۆڵچە

مۆدێلیکە بۆ بڕیاردانی رێکخراوەکان. لە کاتی بریاردانی سەخت و گران و پڕ لە گرژی و چڕوپڕیدا، دەبێ قازانج و زەرەری هەر دوو لایەنی بریاردان هەڵسەنگێندرێ. لایەنی شەخسی و کۆمەڵایەتی و نرخەکانی کۆمەڵایەتی دەوری جیاواز لە بڕیاردانیدا دەگێڕن. تێگەیشتن لەوەی کە ئایا هێندێک لەو بریارانەی کە دەدرێن لێ جێ خۆیاندابوون یان نا، بنەمای سەرەکی مۆدێلی دۆڵچە دیاری دەکات. دۆڵچە بەو مانایەیە هاتووە کە "چی دەگرین و چی فڕێ دەدەین".

**هومان رێلاسیۆن بێویگونگ**
چەشنێک لە بیرکردنەوەیە، لە پەیوەندی لە گەڵ ئینسان و زانستی ئیقتسادی و رابیتەی کرێکار و خاوەن کاردا، کە لە ساڵی 1930 لە پەیوەندی لە گەڵ تیئۆری تایلوردا هاتە پێش. ئەم تیئۆریە باس لە مرۆڤ و سیستمی ئیقتیسادیی و رابیتەکان دەکات.
تیئۆری فێرفوگونگ رێشت Theorie der Verfügungsrechte
ئەم تیۆریش باس لە مافی هەبوون و خاوەنداریەتی و ئەم رابیتەیە لە دەزگاکانی ئیقتیسادییدا دەکات.

**رێکخستن لە سیستمی ئیداریی ئیقتیساد دا**
رێکخستن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ئیقتیسادی لە سیستمی مامەڵەکردندا. لەو سیستمەدا کار لە نێوان کەساندا دابەش دەکرێ. دابەشکردنی کار لە نێوان کەساندا بەرتەنگکردنەوەی دەستەڵات و بەرفراوانکردنەوەی مەیدانی عەمەڵ و چاوەڕوانییەکانی ئەندامانی رێکخراوەکەی بە دواوەیە. ئەم شێوە کارکردنە دوو ڕواڵەت دەنوێنێ کۆردیناسیۆن (پلان دانان و داڕشتن و رێکخستن) و هان دان( پاڵ پێوەنان). کۆردیناسیۆن دەکرێ لە رێگای بڕیار یان دەستوراتی ئیدارییەوە بەڕێوە بچێ. تەنیا دەستەڵاتی دووهەم دەتوانێ ئۆرگانیزاسیۆن تێکبدات.؟؟؟؟
سێ چەشنە ئۆرگانیزاسیۆن بە دی دەکرێ، یەکەم ئۆرگانیزاسیۆن وەک **دەزگا** دووهەم ئۆرگانیزاسیۆن وەک **کار(فۆنکسیۆن)** و سێهەم وەک **کەرەسە.**

**روانگای دەزگا:**
دەزگاکانی خاوەن کار(شیرکەت) وەک سیستمی سۆسیۆتەکنیک ناودێر دەکرێن، کە بەردەوام یەک ئامانج دەگرنە بەر و ستروکتوری رەسمی پەیدا دەکەن، بۆ ئەوەی ئاکار و پەیوەندی ئەندامانی رێکخراوەکە بۆ بەرەو پێش خستنی ئامانجی دەزگاکە بەکار بهێندرێ.[شەریکەی تیجاری خۆی یەک رێکخراوە].

**روانگەی فۆنکسیۆن**
ئۆرگانیزاسیۆن، (رێکخراو) وەک دەزگایەکی بەڕێوەبردن دەبیندرێ، کە پشت بە رێکخستن و گۆڕینی ستروکتور دەبەستێ.[ئۆرگانیزاسیۆن بە مانای رێکخستن]

**روانگەی کەرەسە**
رێکخستن وەک کەرەسە و وەسیلە بۆ نمونە وەک ئۆرگانی گرام دەبیندرێ، کە ساختارو دروستکردنی شێوە کلاسیکە وکاری بەڕێوەبردنی رێکخراوەکەیە. لە سەردەمی نوێدا هەمووی ئەوانە وەک پرۆسەی ئۆرگانیزاسیۆن چاو لێدەکرێ. [شیرکەتێک کە رێکخراوێک و ستروتورێکی هەیە]

**ئۆرگانیزاسیۆن لە زانستی سیاسیدا**

لە لایەنی پۆلیتولۆژییەوە تا ئێستا دەرسێک بە ناوی ئۆرگانیزاسیۆن سەرەرای بوونی لێکۆڵینەوە لە لایەن حزبەکانەوە نییە. لە گەڵ دەست پێکردنی سەدەی 21 و گرنگی پەیداکردنی NGOکان ( رێکخراوەکانی نادەوڵەتی) مەیدانێکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر رێکخراوەکان دەبیندرێ. بۆ وێنە ئەو چەشنە رێکخراوانە بەربڵاو و هەمەجۆر و هەمەلایەن و جیامەبەستن،هەر لە خاچی سوورەوە هەتا ئەلقاعیدە لە خۆ دەگرن. یەکەمیان رێکخراوێکە بۆ رزگارکردنی گیانی مرۆڤ و ئەوی دی رێکخراوێکی تیرۆریستییە کە مرۆڤ دەکوژێ. ئەو بارودۆخە باسکردن لە سەر رێکخراو و رێکخستن گرنگتر دەکات. ئێمەی کوردیش کە بە سەر چوار وڵاتدادابەش کراوین، دەبێ بیر لە سیستمی رێکخستن لە هەموو بوارەکاندا بکەینەوە. بە بیری تەسک و سیستمی سادە و ساکاری رێکخستن مەسەلەی کورد گرژتر دەنوێنێ.

## تیئۆری تەشکیلات و حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

هەروەک دەبیندرێ بەشی هەر زۆری ئەو تیئۆرییانەی کە پێوەندییان بە باری رێکخستنەوە هەیە ئامانج و مەبەستی ئیقتیسادی و مادیی لە بەرچاو دەگرن و هەرکام بۆ ئامانجێک بەکار دەهێندرێن جا چ کالا و بەرهەمێکی مادی لە گۆڕێ دابێ یان کالایەکی غەیری مادی. بێ گومان قووڵبوونەوە لە هەرکام لەو تیئۆرییانە ئێمە تێکەڵ بە سیاسەت و نیزامی سیاسی و هەروەها بنەمای فکری، فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و نەزم و نیزامی سیاسی و سیستمی سەرمایەداری یان غەیری ئەو دەکات، کە درێژەدان بەو باسە مەبەستی نووسراوەکەی ئێمە نییە.

باسکردن لە هەرکام لەو تیئۆرییانەش بۆ ئەوەیە بزانین ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین و ئەو سیستم و سیستمانەی کە جیهانی لە سەر ساخ بووتەوە چۆنە و چۆن کاردەکات و چۆن هەڵدەسووڕێ، بە تایبەت ئەگەر قەبووڵمان بێت کە ئیقتساد دەوری سەرەکی لە ژیان و سیاسەتدا دەگێڕێ، ئەوە گرنگی ئەو تیئۆرییانە زۆرتر دەردەکەوێ. هەروەها لە رێگای ئاشنابوون بەو تیئۆرییانەوە باشتر بۆمان روون دەبێتەوە کە حزبە سیاسییەکانی رۆژئاوا چۆن لە گەڵ رێکخراوەکانی ئیقتیسادی و تیجاریی و ماڵی هەڵس و کەوت دەکەن. ئەو حزبانە و حکومەتەکان ناتوانن چاو لە قازانج و زەرەری ئەو ناوەندە ئیقتیسادیانە بپۆشن کە دە دەستەڵاتی زاڵی ئیقتسادییان هەیە و مۆری تایبەتی خۆشیان لە سەر سیاسەت دەدەن.

حزبەکانی هەرکام لەو وڵاتانە لە بەر ئەوەی پێویستیان بە دەنگی تاک تاکی خەڵک بۆ وەدەستهێنانی دەستەڵات هەیە، دەبێ بیر لە سیستمێکی ئۆرگانیزاسیۆنی وا بکەنەوە کە دەست و دەنگیان بە هەموو لایەک لە ناو خەڵک و کۆمەڵگا بگات و لە هەمان کاتدا دەبێ حزبێکی مۆدێرنی سەردەمی خۆیان لە هەموو لایەنێکەوە، لەوانە رێکخستن و ئۆرگانیزاسیۆن بن.

رەنگە هێنانی ئەو باسە لێرەدا، لە پەیوەندی لە گەڵ باسەکەی ئێمەدا لە مەر "تەشکیلات لە رۆژهەڵاتی کوردستان" بۆکەسانێک بێ کەڵک بنوێنێ. رەنگە وابێ، بەڵام کوردستانی ئەمرۆ و سبەی لە هەر حاڵەتێکدا چ سەربەخۆ بێت و چ بەشێک لە وڵاتێکی دیکە بێت، پێویستی بە رێکخراو وکاری رێکخستن هەیە، رێکخستنیش بە بێ بوونی تیئوری و بە بی لێکدانەوە سەرئەنجامی نییە. کۆمەڵگای کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا وەک کۆمەڵگایەکی زیندوو مامەڵە لە گەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیدا دەکات.

نووسەری ئەو دێرانە بە هەموو شێوەیەک دژی لاساییکردنەوەیە لە هەر بوارێکدا، کارێک کە ئەمرۆ لە باشووری کوردستان لە هەموو بوارێکدا دەکرێ و کارێکتری خۆیی خستۆتە ژێرمەترسییەوە. ئەو باسانەی کە لێرەشدا دەکرێ بۆ لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکوو بۆ بیر لێکردنەوەیە، بیرلێکردنەوە لەوەی چۆن لە رێگای وەرگرتنی زانیاریی و بەکارهێنانییەوە، رێگاچارەی خۆمان و تایبەت بە خۆمان بۆ مەسەلەکانی تایبەت بە وڵاتەکەمان لە وانە حزبەکانمان و رێکخراوەکانمان لە هەر چەشنێک ببینینەوە.

حزبەکانی ئێمە دەبێ لە خۆیان بپرسن:

حزب بۆ کام دەستە و تاقم و چین و توێژێک دروست دەکەن!

ئامانجی سیاسیان لە چ فۆرمێکی تەشکیلاتیدا دێتە دی!

ئەگەر دەگوترێ من حزبی نەتەوەی کوردم، ئەو نەتەوەیە چۆن رێک دەخرێ و لە چ چەشنە تەشکیلاتێکدا نوێنەرایەتی دەکرێ و چ فۆرمێکی تەشکیلاتی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی پێویستە!

ئەگەر دەگوترێ ئێمە حزبی پێشڕەوی چینی کرێکار یان حزبی کرێکاران و زەحمەتێکێشانین، یان حزبی ئازادیخوازانین و حزبی ئیسلامی خەڵکی کوردستانین، چ فۆرمێکی سیاسی وڵامی هەر کام لە ئامانجە سیاسیەکانی ئەو حزبانە دەداتەوە!

ئەگەر دەڵێین بەشێکین لە حزبێکی سەراسەری ئێران کام فۆرمی حزبی و رێکخراوەیی وڵامی داوا و ئامانجەکانی ئەو نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە و ئەو بەشە تەشکیلاتە دەداتەوە!

ئەگەر دەڵێین حزبێکن بۆ سەربەخۆیی کوردستان کام فۆرمی حزبی و تەشکیلاتی وڵامی ئەو ئامانجانە دەداتەوە لە کاتێکدا وڵاتەکە بە بەشێک لە خاک و وڵاتێکی دیکە دەژمێردرێ!

ئەگەر حزبێکی ئیسلامی تایبەت بە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانین، فۆرمی تەشکیلاتی حزبەکەمان چۆن لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا شکڵ دەدرێ و چۆن مامەڵە لە گەڵ جیهانی ئیسلام و فۆرمی تەشکیلاتیان دەکا و چۆن خۆی لە گەڵ ئەوان گرێ دەدا یان چۆن خۆی لەوان جیا دەکەیەوە!

ئەو پرسیارە بۆ حزبەکانی کۆمۆنیست و چەشنی تریش کە خۆیان بە بەشێک لە جیهان یان وڵاتێک دەزانن لە گۆڕێ دایە.

زیادە لەو پرسیارانە لە وڵاتێکدا کە بوونی حزب ئازاد نییە و کاری حزبی زیندان و کوشتنی لە دوایە، ئەو حزبە کوردیە چۆن دەبێ لەو وڵاتەدا کار و چالاکی و کاری رێکخستن بکات!

لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەگەر دەڵێین حزبی کوردستانی ئێرانین، فۆرمی تەشکیلاتیمان لە کوردستان و لەو ئێرانە چۆنە؟

هەتا ئێستا حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر بواری رێکخستنی ئازادیان بۆ ڕەخسابێ تەنیا لە کوردستان رێکخستنیان هەبووە و لە هیچ سەردەمێکدا لە بەشەکانی دیکەی ئێران خاوەنی رێکخستن نەبوون. ئەم مەسەلەیە حزبەکانی کوردستانی"ئێرانی" خستۆتە دورگەیەکی تەشکیلاتیەوە و دەبێ وڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە لە دوارۆژدا چۆن چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەکەن و دەبێ چ ستراتێژییەک لە بەرچاو بگرن.
هەموو ئەو پرسیارانە لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە هەموو کوردستاندا جێگای مشتومڕن. ئەوڕۆ یەکێک لە گرفتە هەر جیددیەکانی حزبەکانی باشووری کوردستان، گرفتی رێکخراوەییە هەم لە کوردستان و هەم لە عێراق. مێدیای کوردیش نەیتوانیوە لە بەشەکانی دیکەی عێراق جێگای حزبەکانی باشووری کوردستان پڕکاتەوە. خەڵکی بەشەکانی دیکەی عێراقیش راستەوخۆ ئاگاداری بیر وباوەڕ و سیاسەتی کوردەکان نین. هەر بۆیە ئیدە و پلانی سیاسی حزبەکانی کوردیی باشووری کوردستان لە سنووری کوردستاندا قەتیس دەمێنێتەوە و شەڕی سیاسی کوردەکان لە عێراقدا دژوارە.

ئەوەی بگوترێ ئێمە حزبی هەموو نەتەوەی کوردین، یان حزبی کرێکار و زەحمەتکێشین و یان حزبی چینی کرێکارین، یان حزبی ئازادیخوازانی کوردین و زۆر وتەی لەو چەشنە ئەوە دەردەخەن کە هەر کام لەو حزبانە ئامانجی سیاسی جیاواز و بگرە دژ بە یەکیان هەیە. هەر کام لەو ئامانجانە لە کام فۆرمی تەشکیلاتیدا دێتە دی.
ئەوەی روونە ئەوەیە فۆرمی تەشیکیلاتی هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموویان لە دەرەوەی خاکی کوردستان و لە ئوردوگاکاندا بوونیان هەیە، وەک یەکن.
**واتە حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئامانجی جیا و ناوەرۆکی جیاواز و تەنانەت دژ بەیەک فۆرم و زەرفی وەک یەکیان هەیە، هەربۆیە ناتەبایی، گرژی و قەیرن تێیاندا بەردەوامە و یەکێک لە رێگاچارەکانیشیان دوو شەقە بوون و دوو لەتبوون و جیابوونەوەیە.**
لێرەدایە بە روونی دەردەکەوێ کە "ئامانج" دیاری دەکات چ چەشنە تەشکیلاتێک بۆ پێشخستنی هەر ئامانجێک پێوستە. یەکێک لەو تەشکیلاتانەی کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان هیچکات فۆرم و ناوەرۆکی هاوتاو وهاوتەرزی نەبوو"جمعیت دفاع از زحمتکشان کورستان ایران" بوو،کە تا ئێستا نە فۆرم و زەرفی تەشکیلاتی خۆی پەیدا کردووە و نە ئامانج و ستراتێژی خۆی روون کردۆتەوە هەر بۆیە دیارترین دیاردە لەو رێکخارەیەدا ناکۆکی، لەتبوون و پارچە پارچە بوونە. تا ئەو رۆژەش "ناوەرۆک و فۆرم" فارس گوتەنی "شکل و موحتەوا" یەک نەگرنەوە و هاوتەرز نەبن، ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت. حزبی دێموکراتی کوردستانیش پرۆسەیەکی هاوچەشنی پێواەوە کە لە درێژەی نووسراوەکەدا باسی لێ دەکەین.
ئەو باسەی ئێمە دەریدەخات کە لە نێو حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، رێکخستن نە تەنیا کارێکی زانستی نییە، بەڵکوو کارێکی سیاسیش نییە و بنەمای لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بە دواوە نییە و لەوانەش سەیرتر ئەوەیە هیچ نزیکایەتییەکی لە گەڵ کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. ئەو تەشکیلاتانەی کە ئەمرۆ بە ناوی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە سیاسەت دەکەن، نە رەنگدانەوەی ساختاری ئیقتیسادی و کۆمەڵایەتی و سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانن و نە هیچ پێوەندییەکیشیان بە چین و توێژ و دەستە و تاقمە کۆمەڵاییەتییەکانەوە هەیە و نە رەنگدانەوەی باوەڕی سیاسی و فکری لایەنەکانی خەڵکی کوردستانن. ئەو حزبانە لە باشترین حاڵەتدا رەنگدانەوەی بیروفکری سیاسی ئەندامانی خویانن کە بە دەیان ساڵە لە سەر خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان ناژین.
**درێژەی هەیە........**